فوئاد حسێن: وەفدی چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ مەسعود بارزانی لە هەولێر کۆدەبێتەوە



فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق و کاندیدی پارتی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار رایگەیاند، سبەی وەفدکی چوارچێوەی هەماهەنگی سەردانی هەولێر دەکەن و لەگەڵ مەسعود بارازنی، سەرۆکی پارتی کۆدەبنەوە.

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، ئەمڕۆ یەکشەممە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان لەبارەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق کۆموتێع بۆدواداچوونی بۆ کردوو، وتی، دانوستان لەنێوان چوارچێوەی هەماهەنگی خێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆك وەزیرانی داهاتو بەڕێوەدەچێت و هەروەها وەفدی چوارچێوەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە گفتوگۆ دەکەن.

وتیشی، سبەی وەفدکی چوارچێوەی هەماهەنگی سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی کۆدەبنەوە.

فوئاد حسێن لەو بەشکی دیکەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا رێککەوتن لەسەر پێستی سەرکەمار نەکراوە.